## دەستورو تەكفیر ... ئارام جەمال

كۆی ژمارەی موسوڵمانان لەجیهاندا نزیكەی 1. 3 ملیارە و بەسەر 44 دەوڵەتدا دابەشبوون كەزۆرینەی دانیشتوانەكەی موسوڵمانن و شوناسی دەوڵەتەكانیان لەدەستوردا بەمجۆرەیە:

- (10) دەوڵەتیان لەدەستوردا ناوی ئیسلامی لەخۆی ناوە.
- (12) دەوڵەتیان لەدەستوردا ئیسلام ئایینی رەسمی دەوڵەتە.
- (11) دەوڵەتیان خۆی بەعەلمانی ناساندووە.
- (11) دەوڵەتیان هیچ شوناسێكی عەلمانی و ئیسلامی هەڵنەگرتووە و ئیسلامیشی بەئایینی رەسمی دەوڵەت نەناساندووە. لەوانەش ئەندەنوسیا كە250 ملیۆن موسوڵمانی تێدا دەژی ئیسلام نەئایینی دەوڵەتەو نەسەرچاوەیەكیشە بۆ یاسادانان. جگە لەوەی ئەگەر لەئاستی هەموو جیهاندا سەیربكەین دەبینین 140 دەوڵەت هەن بەهیچ شێوەیەك ئایینیان نەكردۆتە شوناسی دەوڵەتەكەیان*.

ئەم ئامارانەم بۆ ئەوە هێناوەتەوە ئەوە بڵێم كەرەنگە لەدەستوری هەندێك لەو دەوڵەتانەی ناوی ئیسلامیان لەخۆیان ناوە وەك بەرەنجامێكی گشتی و بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ نازی تەكفیری هێناوەو بەبەندێكی تایبەتی تاكەكانی تەكفیر نەكردووە، كەچی لەبەندی حەوتەمی رەشنوسی دەستوری كۆماری عێراقدا بەراشكاویی و لەپاڵ دژایەتیكردنی ئیرهابدا ناوی تەكفیری هێناوە وەك ئەوەی گەورەترین كارەساتی مرۆیی لەسەر دەستی ئەو كەسانە بن كەئەم دەستورەو هێزە ئایدیۆلۆژیستە ئیسلامییەكانی پشت ئەم چەمكە خەتەرە تەكفیری دەكەن، كەئەمە بەهیچ كلۆجێك لەگەلڕ بنەماكانی دەوڵەتی مۆدێرندا ناگونجإ. بڕواننە ماددەی حەوتی دەروازەی یەكەمی دەستور:
"یحڤر كل كیان او نهج یتبنی العنێریە او الارهاب او التكفیر او التگهیر الگائفی او یحرچ او یمهد او یمجد او یروج او یبرر لە، وبخاێە البعپ الێدامی فی العراق ورموزە وتحت ای مسمی كان، ولایجوز ان یكون ژلك چمن التعددیە السیاسیە فی العراق، وینڤم ژلك بقانون".
پێش هەر شتێك ئەم بەندە بەهانەیەكی باش دەداتە دەست هێزە ئیسلامییە توندرەوەكان بەوەی لەكاتی پێویستدا راستبنەوەو خۆیان بەموتڵەق بزانن و سەرچاوەی هەموو قەیرانەكان بگێرنەوە بۆ بوونی نەیارانی زەندیق و كافرو لیبرال و لەوێشەوە هەموو دەنگێكی دیموكراتخوازو ئازادیخواز خەفە بكەن و بەدەردی قوربانیانی قەرامیتەو موعتەزیلەو بابەكییەكانی سەردەمی ئەمەوی و عەباسیان بەرن و بەپاڵپشتی یاساو دەستور لەملیان بدەن و دەمكوتیان بكەن.
من پێموایە بوونی دەستەواژەیەكی لەوجۆرە لەدەستوری عێراقی نوێدا جگە لەبچووككردنەوەی مرۆڤ و سەندنەوەی ئیرادە لەكەسایەتی رۆشنبیر شتێكی تر نییەو بەدیوەكەی تریشدا قەبەكردنی رووبەری غەیبیانیەت و عەقڵیەتی سەلەفیەتە لەناو پەیمانێكی كۆمەڵایەتی نوسراوی وەك دەستوردا، وەك بڵێی سەرلەبەری ئەم كۆمەڵگەیە تەنها لەكەسانی باوەڕدارو ئیسلام و دیندار پێكهاتووەو ئیدی لەدەرەوەی ئەوانەوە هیچ جۆرە كەسانێكی تر نین لەدەرەوەی كلتوری میتافیزیكیاوە بیربكاتەوە كەمرۆڤ بەسەنتەری گەردوون بزانن..

چاكتر وابوو لانیكەم وشەی تەكفیر لەدەستوردا نەنوسرایە، ئەگەرچی نوسین و نەنوسینی ئەم زاراوەیە هیچ لەو راستییە ناگۆرێت كە لەناو هەركۆمەڵگەیەكدا (بەكۆمەڵگەكەی ئێمەشەوە) مەیلێكی مولحید هەیەو خاوەنی جیهانبینی و خوێندنەوەیەكی تایبەتی خۆیەتی بۆ ژیان و مەرگ و سروشت و كۆمەڵگەو مرۆڤ و یەزدان، كەپێموایە ئەوەی وایكردووە ئەم مەیلە نەتوانێت بەئاشكرا شوناسی خۆی دەربخات ئەو پرۆسەیە كەئێمە دەكاتە موسوڵمانی بەموالید نەك ئەوەی لێگەرێن تەمەنی مرۆڤەكان بگاتە قۆناغی كامڵی خۆیان پاشان بریار بدەن لەسەر ئەوەی خۆیان چ ئایین و جیهانبینییەك هەڵدەبژێرن. . . بەلام ئەمە چۆن دەبێت، خۆ ئێمە لەسەدەی بیست و یەكدا ناژین و خەریكی دروستكردنی دەوڵەتێكی مۆدێرن نین تا شتی لەوجۆرە لەدەستورماندا نوسرابێت!

* ئەو ئامارانەم لەراپۆرتی "لیژنەی ئەمریكایی بۆ ئازادی ئایینە نێودەوڵەتییەكانـ"ـەوە وەرگرتووە بەناوی "پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت"ەوە، لەئازاری ساڵی 2005دا دەرچووە.

ئارام جەمال
سەرنوسەری گۆڤاری هەنگاو